www.kurdistannet.org

# سەرۆكی عێراق كارەبا لە هەولێر دەبڕێ !!

حیكمەت نەجمەدین

ئەگەر كۆبوونەوەی پەرلەمانی كوردستان لە ئۆكتۆبەری پارساڵدا یەكەم تروسكەی شادی و دڵخۆشی بەكورد دابێ و ئومێدی لە گۆڕنانی عەقڵیەتی ئۆلیگارشییانەی حزب و كۆتایی قوربانی كردنی خەڵك لەپێناو بیری تەسكی حزبایەتی بووبێت، ئەوا بەڕووخانی ڕژێمی بەعس هیوا و ئومێدەكان هێندەی دیكە زیاد بوون و خەڵك گەیشتە ئەو ڕایەی كە ئیدی شەڕی ناوخۆ بەهەموو شێوەكانییەوە ئاوە و ئاو چوو. بەتایبەتیش دوای یەكدەنگیی شادی بەخشی پارتی و یەكێتی لە ئەنجوومەنی حوكم، ئیدی خەڵك پێی وابوو پارتی و یەكێتی وا دەستەملانێی یەكتری بوونە كە بەئاسانی دەستبەرداری یەكدی نابن، بەوەرگرتنی پۆستی سەرۆكایەتیی ئەنجوومەنی حوكمیش لەلایەن تاڵەبانییە، كە بۆ هەموو كوردێك جێی شانازی بوو كورد بگاتە ئەو جێیە، ئومێدەكان هێندە گەورەتر بوون كە قەت كورد وا دڵخۆش و شاگەشكە نەبووە. بێ لەوەش و بەرلە چوونی تاڵەبانی بۆ بەغدا وەك سەرۆك، یەكێتی قورسایی تەواوی خستبووە ناوەڕاست و باشووری عێراق و چەندین نامیلكەی عەرەبی لەبارەی ی.ن.ك و تاڵەبانی بەزمانی عەرەبی بڵاو كردەوە تا وای لێهات خەڵك بڵێن (شكور یەكێتی وا بۆتە عێراقی كە جارێكی تر لە كوردستان گوێمان لێ نابێ بگوترێ «یەكێتی و كێ؟») چونكە ی.ن.ك لەوە گەورەترە لە هەرێمێكی بچكۆلەدا بەشوێن حەریف و ڕكابەردا بگەڕێ و بەگەورەبوونی خۆی مەیدانی گەورەتریشی دەوێ. بەڵام سەد حەیف... ئەمجارەش كورد نەحەسایەوە و خواستی تاكڕەویی لەنێو ی.ن.ك سەری هەڵدایەوە و دروست لەكاتێكدا هەموو گەلی عێراق چاوی لەوە بوو تاڵەبانی وەك سەرۆكی عێراق مژدەبارانیان بكات، ڕێك لەوكاتەدا فیوزەكانی دوكانی لێدایەوە و كارەبای لە هەولێر بڕی. دەنگۆكانی هۆی ئەو كارەبابڕینە هەر چییەك بن دەبوایە قەت تاڵەبانی ئەو بڕیارە نەدات، لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا، لە بەرەجەژندا، لە شەوی پڕ قەدری قەدردا بێ قەدری بەرامبەر پایتەختی كوردستان كراو، بەم سەرمایە خەڵكی هەولێر نوقمی تاریكی كران. ئەگەر جاران و بەر لە ئازادی عێراق تاڵەبانی بەئیمزای خۆی، خۆی كردبووە سەرۆكی هەرێم و بڕیاری لەوجۆرەی دەدا خۆ ئێستا سەرۆكی هەموو عێراقە و دەزانێ كە لە بەغداوە بڕیار دراوە خەڵك لە پارەی كارەبا عەفو بكرێن، ئەی بۆ ئەو پارەی هەولێری دەوێ؟ ئەو كارەی سەرۆكی عێراق هیچی نەسەلماندبێ ئەوەی باش سەلماند كە تاڵەبانی ئەگەر ببێتە سەرۆكی ئەمریكاش یەكەم كار كە بیری لێ دەكاتەوە ئەوەیە چۆن ئازاری پارتی بدات و چۆن خۆی وەبیر هەولێر بێنێتەوە، بەڵام نازانم بۆ بیری بۆ ئەوە نەچووە بەكارێكی باش سەرنجی هەولێر بۆ لای خۆی ڕاكێشێ؟ ئاخر ئەمجارەش حساباتی ئەو زۆر كورت دێنێ، چونكە هەروەك سەرۆكی هەرێمی جارانی، ئێستاش سەرۆكێكی تەواو نییە، بەڵكو بەئیمزای ئەمریكا دانراوە و دە دوازدە ڕۆژی تر لێ دەكەوێ، ئیدی بۆ پێی وایە دەبێ وەك سەرۆكی عێراق جێی سەرۆكی پێشوو بگرێتەوە و كورد ئازار بدات؟ دوای ئەوەش ئەگەر قەرار وایە تاڵەبانی بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن كارەبا بداتە خانەقین و كەركووك بۆ لە هەولێری دەبڕێ؟ ئایا تەواو دەستی لە دەنگی هەولێر شتووە؟ خۆ دەزانێ كە ئێستا ئەو كارەی ئاژاوەیەكی كۆمەڵایەتیش بەدوای خۆیدا دێنێ كە جاران زۆر حەزی لێبوو بەڵام نازانم لە پۆستی ئێستایدا دەیەوێ یان نا، ئەویش مەسەلەی سلێمانی و هەولێرە، چونكە ئێستا هەر دەگوترێ سلێمانی كارەبای هەولێری بڕیوە. خۆشیان لە دوا دانیشتندا بە بەرپرسانی كارەبای هەولێریان گوتبوو: (كارەبا بۆ سلێمانیە و تەنها زیادەكەی بۆ هەولێرە)... دنیا وایە پایتەختی نوێ وا دەكات تاڵەبانی پایتەختەكەی خۆی (ئەگەر بەهی خۆی بزانێ) ئاوا بكاتە قوربانی و یەكەم بڕیاری بۆ كورد وەك سەرۆكی كوردی عێراق ئەوە بوو كارەبای هەولێر ببڕن... گرنگ ئەوەیە شتێك بۆ كورد بكات تا لە مێژوودا تۆمار بكرێ... ئەویش حەزی لەوجۆرە تۆمارەیە... سوپاس بۆ سەرۆكی عێراق... مەرحەمەت زیاد...